زلەنسکی: دەستپێشخەرییەکەی ماکرۆن هەنگاوێکی کۆنکرێتیە

ڤۆلۆدمیر زلەنسکی سەرۆکی ئۆکرانیا ڕایگەیاند، دەستپێشخەرییەکەی ئیمانوێل ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسا بۆ ناردنی هێزەکانی ناتۆ بۆ ئۆکرانیا بەو هەنگاوێکی کۆنکرێتی دادەنرێت بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی وڵاتەکەی.

ڤۆلۆدمیر زلەنسکی لەو میانی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لەو ئەلبانیا ڕایگەیاند، "ماکرۆن لەو ناوەڕاستی مانگی (ئازار/3)ی ئەمساڵ کاتێك دەگاتە ئۆکرانیا زانیاری تایبەتی لەگەڵدا ئاوگۆڕ دەکات".

ئاماژەی بەوەشکردوە، "ماکرۆن ڕایگەیاندوە باس لەو چەند بیرکەیەکی نوێ دەکات سەبارەت بە چێنیەتی بەهێزکردنی ئۆکرانیا، ئەمانە شتگەلێکی زۆر تایبەتن بە بۆچونی من ئەو جۆرە لێدوانانە هەنگاوی کۆنکرێتین بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی وڵات".

دوێنێ سێشەممە ئیمانوێل ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسا ڕایگەیاند، "نابێت ناردنی هێزەکانی ڕۆژئاوا بۆ ئۆکرانیا لەو داهاتودا لەتبکرێتەوە"، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی لەو ئێستادا هیچ کۆدەنگییەك لەسەر ئەم هەنگاوە نییە.